# بەقەدەر شەڕتان لەپێناو سەرۆکایەتی خەبات بۆ (کەرکووک)یش بکەن!!

**هیشام ئاکرەیی**

لەم چەند ڕۆژەدا هەموو گەلی کوردستان بە گشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، خەریکی مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی باشووری کوردستان بوون. ئەو دوو لایەنە بە پشتگیری ژمارەیەکی باش لە جەماوەرەکەیان خەریکی ململانێیەک بوون مەگەر خۆیان بزانن لە چ ئاستێکدا بوو...

هەندێ لە ئەندامانی ئەو دوو لایەنە ئەوەیان نەدەشاردەوە کە ئامادەن شەڕی براکوژی هەلبگیرسێننەوە و کای کۆن و مێژووی پەیوەندیەکانی نێوان ئەو دوو پارتە جارێکی تر خوێنرایەوە و ئەوانەی نەختێ شەڕی براکوژییان لە بیر چووبوو جارێکی تر زانیاریەکانی خۆیان نوێ کردەوە بە خۆڕایی.

لێرەدا گرنگ نییە کام لا حەق بوو و کام لاش ناحق و نامەوێت بــڕۆمە ناو کفتوگۆیەک شێوەی هێلکە و مریشک و کامیان لەپێشا هەبووە، چونکە هەردوولا ئەوەندە هەڵەیان دەرحەق یەکتری و گەلی کوردستانیان کردوە و هەروەها خەباتیشیان کردوە، کە ناتوانی بەرگری لە لایەنێک بکەی دژ بەوەی تر و هیچ کردەوەیەک نەماوە ئەم کردبێت و ئەو لا نەکردبێت و هیچ خۆبەختکردنێکیش نەماوە هەردولا نەیان کردبێت، هەر بۆیەش ئەوەی گرنگە لای بەندە لەم بابەتەدا شێوەی مامەڵەکردنی هەردوولایە لە گەڵ ئەم کێشەیە و سنووری ئامادەبوونیان بوو بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستی خۆیان.

ئەگەر وەک پارتی و یەکێتی بیر بکەینەوە، دەتوانین بڵێین کە بەرگری پارتی لە سەرۆکایەتی هەرێم و داخوازیەکانی تری پارتی ، بەرگرییەکی شۆڕشگێرانە و مەردانە و بوێرانە بوو و ئامادەبوون هەموو شتێک لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بکەن. هیچ سازشکاریەک لە هەڵوێستی پارتیدا دیانەبوو و شۆڕشگێرانە مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆداوەکە کرد و تا ڕادەیەکی باشیش سەرکەوتن لە خەباتی خۆیاندا و ئامانجەکانی پارتەکەیان بەدیهێنان.

لە لای ترەوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش، بەشێوەیەکی ورد و دوورخایەن سەیری ڕێکەوتنی خۆیان لەگەڵ پارتی کرد و زانییان دوای شەش مانگی تر ئەوان دۆڕاون و ڕێکەوتنێکی سەقەتیان لەگەڵ پارتی مۆرکردوە کە هیچ دووربینی و پێش بینیەکی تێدا نەبوو. هەر بۆیەش ئازایانە هاتنە مەیدان و بە بێ ترس و بوێرانە هەڵوێستی خۆیان بە پارتی گەیاند و داوای دووبارە پێداچوونەوەیان کرد.

یەکێتی ئەوەندە سوور بۆ لە سەر بۆچوونی خۆی تاوەکوو ناکۆکیەکان هاتنە سەرەوە و هەموو دونیا پێی زانی... بەلاَم تاوەکوو مەترسی نەکەیشتە پۆستی سەرۆکایەتی مام جەلال بۆ عێراق، ئەو کاتە مام جەلال هاتە سەری ڕەش و یەکێتی ڕازی بوو لەسەر هەمان مەرجەکانی پێشووی پارتی.

هەلبەتە ڕێکەوتنی هەردولا کارێکی باشە ، بەلاَم ئەگەرئەنجامەکەی گەڕانەوە بێت بۆ خالَی سەرەتا، ئەی ئەو هەموو گالە گالە بۆ چی بوو....

ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی لە پێناو پۆستی سەرۆکایەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، شۆڕشگێرانە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری کرد و ئامادەنەبوون هیچ سازشکاریەک هەتتا لەگەڵ یەکتری بکەن . تەنازولی یەکێتیش لە پێناو پۆستی عێراق بوو ( هەوەها هەندێ هۆی تریش کە جێگایان لەناو ئەم بابەتەدا نییە). ئەگەر پارتی و یەکێتی بەهەمان شێوەی بەرگرییان لە پۆستی سەرۆکایەتی و پۆستەکانی حکومەتی کوردستان، بەرگری لە کەرکووک و شارەکانی تری داگیرکراو ماوی کوردستان (وەک کەرکووک) بکەن، ئەوە ڕزگاربوونی کەرکووک زۆر نزیکە.

وەک جۆن بۆ کێشەی سەرۆکایەتی ئامادەبوون چارەنووسی کوردستان و ئەزموونی کوردستان تێک بدەن ، با ئامادەبن بۆ کەرکووکیش هەموو ئەزموون و دەستکەوتەکانی کوردستان بکەن بە قوربانی بەهەمان

شێوەی بارزانی نەمر . وەک چۆن له پێناو سەرۆکایەتی هیچ مەترسیەکیان نەبوو و خەباتێکی شوڕشگێرانەیان کرد، بەهەمان شێوە با بۆ کەرکووکیش هەمان شێوەی خەبات بەکار بێنن و سبەی بە هەڕەشەیەکی عەربەکان یان ئەمریکا واز لە کەرکووک نەیێنن و بلێن پێمان ناکرێت و عەرەبەکان و ئەمریکا قبۆڵ ناکەن... با نەلێن ئێمە ناتوانین هەموو کوردستان بکەینە قوربانی کەرکووک چونکە ئامادەبوون بکەنە قوربانی سەرۆکایەتی، با نەلێن ئێمە ناتوانین شەڕ بۆ کەرکووک بکەین و دەبێ بە زمانی دیالۆک لە گەڵ برا عەربەکان قسە بکەین چونکە خەریک بوو شەڕی براکوژی لە پێناو سەرۆکایەتیی بکەن.

با سازشکاری لە سەر کەرکووک نەکەن، با نێوان خۆیان و لایەنەکانی تری عێراق تیکدەن لە پێناو کەرکووک بە هەمان شێوەی ئامادەبوونیان بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان خۆیان. با لا یەنکرانی ئەو دوو پارتە ئامادەبن هەموو جنێوەکانی دونیا بە داگیرکەران و عەربە هاوردەکان بدەن بە هەمان شێوەی جنێودانیان بە یەکتری لە پێناو دەسەڵات و سەرۆکایەتی.

دڵنیام ئەکەر بە هەمان شێوەی خەباتکردنیان بۆ کورسییەکانیان و شۆڕشیان لە پێناو بەرژەوەندی پارتایەتی خۆیان، بە هەمان شێوە بۆ کەرکووکیش خەبات بکەن بکەن، ئەوە لە نێوان تەنیا 4 مانگدا کەرکوک دەبێت بە بەشێک لە کوردستان.